# ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات ئەوا با دەستی لەسەر دەمی دابنێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان باوێشکی هات ئەوا با دەستی لەسەر دەمی دابنێت».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە فەرموودەکەدا هاتووە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە دەست خستنە سەر دەم لە کاتی باوێشکداندا، وباشتر وایە باوێشکەکە دەرنەچێت بە گوێرەی توانا، ئەگەرچیش بە دەست خستنە سەر دەم بێت؛ هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە: (فإن الشيطان يدخل فيه)، واتە: (شەیتان لەوێوە دەچێتە ژوورەوە)، واتا: دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو لاشەی مرۆڤ وبە مرۆڤ پێدەکەنێت لە کاتی باوێشکدانی مرۆڤدا ئەگەر مرۆڤەکە بڵێت: (ها) ودەنگی لێوە دەربچێت) هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە، ومرۆڤ دەتوانێت ڕێگر بێت لەمانە؛ ئەویش بە دەست خستنە سەر دەم لە کاتی باوێشکدا، وفەرموودەکە زۆر هاندانی تێدایە بۆ ڕێگری لێکردن لە باوێشکدان ودەست خستنە سەر دەم لە کاتی باوێشکدا، وهەروەها ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە شێوەی باوێشکدان خۆشەویستە لای شەیتان چونکە ئاماژەیە بۆ تەمەڵی وبێ چوستی مرۆڤ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5280

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee